# شەپۆلی جەستە

" کورتە چیرۆك"

حەمید کەشکۆلی

ئەستێرە وردیلەکان دەچریسکێن وئاسمانی شینیان تەنیوەتەوە، لە ئاوی گۆلەکەدا جوان جوان مەلە دەکەن. سەیری ئەستێرە رووتەکان دەکەم، گۆرانیی قەدیمی بەدلم چەسپاو دەچرم. بووکی ئاو لەو شەوە هاوینیەدا لە کەناری دەریاچەکەدا رازاون، روناکیی ئەستێرەکان دەیانپۆشێ و بۆ یەکدی ئەفسانەیەك دەگێرنەوە کە نامرێ، تەنانەت و هەمیشەش تازە دەبێتەوە.

پەرییانی روهەلمالاوی شەو لەو شەوە بیپایانەدا لە گوێی ئاوەکەدا پالیان داوەتەوە، قژە رەشەکانیان پەرتوبلاون، بەدیوجامەی چاوەخومارەکانیان سەرکردەیەك لە سەرکردەکانی قەدەر دەخەنە داوی ئامێزیان و دەوجا خۆی دەهاوێتە باوەشە گەرم ونەرمەکانیانەوە و نقوومی دەکەن بۆ بن وتەنیا خۆیان بە لیوی خویناوی و بە چاوی گرگرتوو بە ئاگری بەفرین دینەوە سەرێ.

خۆ منیش سەرم سور دەمینێ و پیم بە عەرزەوە وشك بووە، چۆن شەهلا و زەینەب لە گەلی ئەو پەرییە لیوخویناوییانە بن؟ ئایا گزینگی شەفەق بە خێر بێ یان بەشەر چۆن دەتوانی پاشماوەی شەویك ببەزینیت، شەویك سیبەرەکەی دەرد ومەینەتیی جەستەی هەراسان بە شەهوەتە بیپایانەکان جێ ناهیلی ؟!

هەمووی پرسیارە و دەکرین، وەلامیشیان نەبیت قەیدی ناکا، خۆ زور پرسیار هەن وەرامیان بۆ نییە یان با ئەو پرسیارانەش لەوانە بن کە هەر بە پرسیار وەرام دەدرینەوە.

هەرچۆنیکیش بی، دەمیك شەهلا و زەینەب دەروانن من تا بلیی نیگایان روونە. کولمەکانیان لەبەر چاومدا پتر سوورایی دەدەنەوە، زیاتر بە ئاسمانی خەیالاویی خۆشەویستیدا دەمرفینن بیئەوەی رۆخیك بەدی بکەم لەنگەری بۆ بهاویژم و خۆمی پیبگرمەوە. شەهلا شین شین شەوق دەدا و زەینەنیش کەسك، و کاتیکیش چاو دەبرنە من نیگایان یەکتر دەبرن، دەبریسکینەوە. شەهلا ئامیز لە زەینەب وەردینی و بە هەناویەوەی دەقرسینی، قژە رەشەکەی بۆن دەکات، ئەویش دەموچاوی بە نیو سنگی شەهلادا رادەمووسی و جار هەیە بە نیشانەی رازی بوون و خۆشحالییەوە چاو لە من و دەوروبەری خۆی هەلدەبری. هەردوکیان وا لیك حالی دەبن کە من قەت ناتوانم بەو رادەیە لە زەینەب یان ئەو لیم حالی بیت، تەنانەت لاواندنەوەشم کەلکی نییە.

لەمیژە لەوباوەرەدام وبەو قەناعەتە گەیشتووم کە پیویست ناکا دەسەلاتم بە سەر زەینەب رابگا. لەگەل ئەوەشدا، بە زاهیریش بیت، تا رادەیەکی باش دۆستی یەکترین، بەلانی کەمەوە کەس نازانیت روانینەکەی هەندی جاران چۆنە ترسیکم بۆ دەرسکینی یان کەرویشکەکەی لە خەومدا چ درندەیەکە و بەکەلپەکانی هرووژمم بۆ دینیت ؟ ۱، خۆ لە دەست رەسمەکانی، ئەوانەی لەسەر کاغەز دەیانکیشیت، زالەم دەچی و گوریسم گەییوەتە هیچکان.

تۆ بلیی ئەوە، تا بلیی، زەبوون کردنی پیاوان بیت ؟! تۆلە بیت هەر لە هەموویان؟، لە باوکەکەی کە قەت نەمناسی و ناشمەوی بیناسم و بزانم کی بووە؟ ئەو باوکەی کە بە زەبری شمشیری برندەی خودایی شەهلایان خزاندبووە باخەلی؟!

هەرچۆنیك بیت شەهلا هاوسەری خۆمە و دەبی نیوانمان لە هی من و زەینەب جیاواز بیت. بەلام ئەوەش رەنگە نەزانیت، کە دەمیك سەیرم دەکات هەر چەشنی زەینەب بەختەکەم تەماوی دەکات، یان کاتیك بزە لە سەر لیوانی دەنیشی یان شەکریك دەشکینی، بیئەوەی بزانیت چ ئاوازیك بەو لیوانە دەژەنی، دەبیینم تەیریکە لە فرین، دروست وەك وەختی عاشقبازیمان هەمو جەستەی دەلیی نبگاکەیەتی لە نیو بەحری فرمیسك و ئارەقە و لیکاوی مندا شەپۆل دەدات.

له خۆخزانه نیو دنیای زەینەب خۆم دەپاریزم، وەلی عیشقی شەهلا قەت ساکاری وئاسانی هەلناگریت، چونکه ئیمه جوتیکین تا دەمی مەرگ، ژینیکین بی راز بیئەوەی به خۆشمان بزانین، رەنگیشه نامانەوی بزانین.

خۆ دەبی له پشت ئەو دوو چاوه کالەدا شتگەلی تر هەبن، له ژیر قسه ودەنگ و بیدەنگییدا فەزایەکی تر تریپەترپ لیبدا، شەهلایەکی دیکه هەناسه بدات.

ئای شەهلا ! گویم له رازونیازه بانگت دەکەن، چەنیکم له روحی خۆمت بەسەر نا، چەن جار ملم لیکراوەتەوه و خوینم رژاوه؟ ئایا خیریکت بینی ؟ هەرچی خۆمه، تۆم پی براوه، ئیتر چم دەویت ؟ هیچم ناوی، هەر هیچ!

ناویرم شتیکی لی بدرکینم چونکه دەیپەرستم وقەت نامەوی سەرتویژی ئەو خۆشیی وبەختەوەرییەی که له میژه پییان خەنی وشادم، تیکبدەم.

هەنگاوەکانی موسیقان، نیو قەدی زراف وەك هی پەرییەکانی ئاوی، خۆ کراسه خاکییەکەی باوەر ناکەم لیی لەم دنیایەدا هەبیت، نایابه نایاب! واش بەسەر قەدو بالا رندو شۆخەکەی هاتووه که لەگەل قاچه گۆشتنەکانی دەلەریتەوه، با هەموو هونەرمەندان بین ئەگەر خەوشیکیان له و قەدەی وەدی کرد ب، سەرم لیبکەنەوه، خۆ رەوتی وێ ئاهەنگی بەهەشت له روحمەوه دەژەنی، ئەو روحەم که جار هەیه مەزنده دەکەم چۆل و هۆله وجاریش هەیه دەبینم به داروپەردووی یادگار وسالان باری گران بووه و ئاپۆرەیه.

رەوشی خۆم هەیه بۆ تیگەیشتن و کەشفکردنی دنیای شەهلا، قوول لیی دەروانم بیئەوەی جاسووسس بکەم، وەدووی دەچم بیئەوەی دلپیس بم. خۆشم دەویت وەکوو چیرۆکیکی که قەت بۆم تەواو ناکریت، وەکوو پەیکەریکی فانتازی ناتەواو، وەکوو مانگی تابان که له پەنجەرەوه سەرەتاتکیم بۆ دەکات.

ئەی مرواری ژنان ! هیشتاش له بیرم دای له تینوویەتی مردبووی، پیالەی گولاویی خویناوی له نیو میرگوزاری دەستەکانت دەگەرا، لیوی پیالەکه به تامی عارەقیکی کەسکینی سووراوسپی تەربوو، مەستیی بەوه هەر تەواو نەدەبوو. سەمایەکەمان له نیو هەرای ویسکی وشەوقه کزەکەی چرا وردیلەکان دەتگوت خۆ غەرقکردنه له نیو جەرگەی دەریاکانی جەسته و شلپاوی رۆحیکی شلەژاو. لەو کاتەی پیالەی مەرگم دەگەرا پیکەنینەکەی هەلینجان بوو له قورتیکی قوولەوه.

ماوەیەك لەسەر ئەو باوەره بووم که موسیقا ریگەیەکی راسته بۆ گەیشتن به شەهلا، که بەیانیان لەگەل قاوه ورۆژنامه گوی له فیروز رادیریت وجار هەیه گوی له حەیرانیك یان گۆرانی عەلی مەردان و تایەر توفیق و وەختی دیکه له باخ وبیتهۆڤن وشوبەرت یان چایکۆڤسکی، سووك سووك لەبەرچاوم حەل دەیتەوه ودنیا دەنیتەوەو دەمگوازیتەوه بۆ دنیاگەلیکی تری فانتازی که لیی هاتنه دەرێ واتا مردن. مووسیقا رووت رووتی دەکاتەوه وپتر له شەهلایەك خۆ دەنوینن و دەکەومه گومان، دیاره شەهلا ئەو ژنه نییه که هەمیشه ریك دەنۆریته من و هیچم لی ناشاریتەوه.

بەرەو شەهلا خۆی دەئاژوام. له دەرەوەی شەهلا پەیدۆزی شەهلام کرد به مەبەستی ئەوەی تا پیم کرابیت زیاتر شیت ودیوانەی بم. هەوەل له ریی موسیقاوه هیشتی خەیال بکەم که شەهلایەکی دیکه هەیه، هەروەها رۆژیك دیتم له بەر تابلۆیەکی ڤانگۆك راوەستاوه، تابلیی گۆرابوو، هەر وەکو گەلییەك وابوو که پیش باران لەبەر هەتاو خۆی هەلخستبی وتەنیا جۆگەلەیەکی باریکی لییدا بروا و پاش شەسته باران لەناکاو لیواولیواو پر بیت لەئاو.

سەرنجم دا، تابلویەکه وای له شەهلا کرد زۆر له خۆی را دەرچی، منیش که تاقه تەماشەکەریك بووم، بینیم وهەستم کرد به چاوتروکانی گورینەکه که خیرا ون بوەوه. . چاوتروکانی نواندنی شەهلا له شەهلادا. هەرچەند مەبەستم نەبوو پەنا بۆ موسیقا ببەم، وەلی باش کۆمەکی پی کردم و زۆر نزیکی کردم لەو عالەمه. له هەر ئاوازیك یان له هەر تابلۆیەکدا شەهلا خۆی زیاتر رووت دەکردەوه پتر له وەی بەخۆی بزانیت، هەر دەفری. رای له هەر تابلۆیەك جۆریك دەری دەبری زۆرفەرقی هەبوو له شیوەی دەربرینی خەلکی تر.

ئەی لەسەر زەوینەب چ بلیم؟ ئەگەر لە باغچەی زارۆکان یان لە کن خاتوو مارگریتا نەبیت، ئەوە خۆم خواردنی بۆ چێ دەکەم ولیی دەگەریم بۆ خۆی لەگەل بووکەکانی بلەزێ ورەسمیش بکیشی. ئەمما چ رەسمیك! ماری ژەهراوی کوژندە، گورگی درندە. . . زۆر جار ئەگەر چاوم لیی دەبیت دنەی دەدەم گول یان جووجگە بکیشیتەوە، کەچی گەلەکانی، کۆتر و بوونەوەرە نازدارەکانیشی کەلپە وچنگیان هەیە.

گورگەکەی چنگی بۆ هەناوم هاویشت و کەلپەکانی زەق زەق بۆ گەرووم هینا، پەلەقاژەمەو بەدەست بەرگری لەخۆم دەکەم. هاوارەکانم هەر خۆم دەیان بیسم، شەهلا لە تەنیشتمەوە بەئاگاهات، پەنام بۆ برد و باوەشی پیدا کردم، توند یەکترمان گوشی تاکوو ژیر بوومەوە، خەو لە ژاوی نەبان بوو، گویم لە لیبوو لە زەینەب تورە ببوو، لەبەرخۆیەوە دەیگوت کچەتیوە، گورگەکەی لەهۆدەکەمان داناوە. . بە قاچی شەقیکی لیدا، پەرتی دایە نیو هۆلەکە.

لانیکەم دەتوانم شەهلا رەگەل خۆم بۆ سینەما یان گالیری و تیاتر ببەم وەکو دوینی کە چووین بۆ مووزەی تەکنیکی و سەیرمان کرد چۆن تەکنیك لە چەرخی بەردینەوە تاکوو چەرخی شۆرشی زانیاری پەرەی سەندووە. لە تەماشای تابلۆیەك کە ئینسانیکی قۆناخی بەردین لە ئەشکەوتیکدا بۆی بە جی هیشتووین زیتر تەماشا دەکرد و سەرنجی رادەکیشا. بەنیگای تیی گەیاندم کە ئەو رەسامە لە خەللاقییەتدا هیچی لە دالی و پیکاسۆ و ئیسماعیل خەیات کەمتر نییە. هەر لەویش سەیری شانۆی ئاوینە وبووکەشوشەمان کرد، بووکەکان هیندیکیان جلکی میللیان لەبەر بوو، هیندیکیشیان جینزی رەنگاورەنگ و بلوزی سوور. . لەویوە بەرەو گالیری کەتینەری لەبەر دەرکێ قونجکە سیغارەکەی فت کرد. . لە تابلۆکەوە دوای سەرنج ورامانیکی خەست، بەرەو تابلۆیەکی دیکە دەبزووت، هەرچی قسەی پی بوو نیگاکانی دەیان درکاند، جاروباریش پیویست بوایە رایەك دەربریت رووی لە من دەکرد و منیش باش لیی حالی دەبووم. نەیویست بزانی کە من بۆ خاتری تابلۆکان لەگەلی نەکەوتووم. هەلویستەی من بۆ روانین لە هی وی نەدەچوو. سەرنجی نەدەدا کە سووك سووك و نەرم نەرم گواستنەوەی لە تابلۆیکەوە بۆ تابلۆیەکی تر وای دەگۆری و دەیکاتە جۆریکی تر کە ناچاری دەکردم چاوان بنووقینم نەکا لە ناکاو و بی ئاگا ئامیزی پیدا بکەم و شیتانە لە شەقام و کۆلاناندا غارغارینبکەین. بزاوتنی وی و کاوبینینی لە روانین لە سەر هەوای ئاوازیکی زۆر لەهی من جیاواز بوو.

تاکوو هەنووکە هەستەکان خۆکرد بوون، شەهلای نیو موسیقا، شەهلای بەرانبەر ڤانکۆك، بەلام ئیستاکە تاسەم دەستی پیکرد و بەرەوتیکی ئاشکرا و دیار خۆی دەنوینی.

شەهلا لە ناو تابلۆکاندا خۆی دەبینی. . سمۆرەیەکی پاك و مەعسووم بوو، تییاندا خۆی پرش وبلاودەکردەوە بیئەوەی بزانی تەماشاکەریکی نهینی چاوی بریوەتەوە وینەو گۆرینەکانی، سەرنجی داوە بە بزاوی لیوەکانی و حەپەساوە لە هەلگەرانەوەی شەهلا بۆ شەهلاگەلیکی تر، بۆ شەهلای هەمیشە شەهلا.

لەتەکییەوە هیدی هیدی لە قەراخ دیواری هونەرەکان دەجوولامەوە، دەمروانیە رەوتەکەی لەبەردەم وینەکان، نیگاکانمان سیگوشەیەکی پرشنگداریان نەخشەکیشا، لەویوە بۆ تابلۆیەکە، لە تابلۆیەکەوە بەرەو من و دیسان بەرەو وی و. . چاویشم لە گۆرینەکانی بوو.

هەر بەتەمابووم بە رووتی لە ئامیزم بیهیلمەوە تاکوو هەموو شت ئاشکرا و عەیان بن، تاکوو چیمان لە بەیندا هەیە ونەوتراوە بوتری، تاکوو شەویکی بی پایانی ئیشق تاکوو یەکەم کازیوەی ژیانمان لە دایك ببیت. بریسکانەوەی بەئاوازی جیاجیا رەنگی دەگۆری، هەر گورینیك شتیك لە راستیەکان دەردەخست.

نازانم بریسکانەوەی دوایی چەندی خایاند، تا هاتمە پیشەوە چەند شەهلا خۆی نواند، نواندی سوکنایی و شادی بوو. ئەوە هەر خۆی ئاگای لی بوو. سیگاریکی دیکەی داگیرساند و داوای کرد لە کافتریایەکدا دانیشین، لەو چرکەیە زانیم پەیدۆزیەکەم

کۆتایی هات. ئەوینی من بینراوەی جیهیشت بەرەو نەبینراوە. . ئەوینیك تەنانەت لە جیگە قورخکراوەکانیشدا نیگاکانی شەهلا دەیان پیکا.

بینیم لەبەردەم بەلەمیکدا بی جوولە راوەستاوە و کەڤرەکانی دەوروبەری رەش دەچوون. بە بزاڤیکی دەستی کەوتە مەلە لە فەزا بەرەو دەریای بی پایان، بەرەو ئاسۆیەکی بزۆز داژوای. لە بیرم ناچی دوایین تابلۆ بە پەرژینیکی درکدار هەلپەسترابوو، لە پشتەوەلە سەرریدا گولستانیك بوو، لەویدا هەنگاوی نا تا لە گۆشەنیگایەکی لەبار پەیدا بکات بۆ تەماشاکردن، ئەو کارەی سمبولی بەربەکانی بوو، لەسەرریدا هیچ لەمپەریك قەبوول ناکا.

تەیروتووو حەیوانی بەحری و درەختی کەنارا لەگەل بیدەنگی دەستەویەخەبوون ەبیرۆکەی مەرگیان وەیاد دەهینا. . . هەر تابلۆیەك کۆتایی شەهلایەك بوو و لەدایك یەکیکی تر. بریسکانەوەی دوایی بریسکانەوەی پاشی خۆی دەمالیەوە. . بۆشاییەکان هەموویان بەزیبوون. لە دواییەوە بووم چونکەتوانای بەربەرەکانیی نیگاکانیم نەبوو. . چۆنە بەربەرەکانییەك!

گەیشتینە کۆتایی گالیرییەکە و بەرەو دەرگای دەرەوە وەریکەوتم، بەلان هیشتا رووم وەرنەچەرخاندبوو بۆ دەریَ و بەتەما بووم هەوای تازە هەلمژم و رۆشنایی شەقام ئەو تۆزیك لە دەنگوباسی شەهلام بۆ بگیریتەوە، بینیم هیشتا لە بزازی تابلۆیەك دەروانیك. . . مندالیك و دەریاچە وئەستیرە و هیدیکە. . هەموو شت هیور وهیمن بوون، زۆر جیاواز بوون لە بوونەوەرەکان. نیگەران چوومە پیش، مندالەکە کتومت هەر زەینەب بوو، شەپۆلی نیگاکانی هەر لە شەپۆلی نیگاکانی شەهلا دەچیت. سیگوشەکە تیکچوو، تۆقیبووم لەوەی شەهلاو زەینەب لە تابلۆیەکدا بگیرسینەوە، کەچی هەردوکیان ببوون بە دوو بووکی ئاو، لەنیو گەلی بووکانی ئاودا زەینەب هەمیشە لە دوای شەهلاوەیە، قژەرەشەکانیان پەرت وبلاون، بە دیوجامەی چاوە خومارەکانیان سەرکردەیەك لە سەرکردەکانیس قەدەر دەخەنە داوی ئامیزیان و دەوجا خۆی دەهاویتە باوەشە گەرم ونەرمەکانیان و نقوومی دەکەن بۆ بن و تەنیا خۆیان بە لیوی خویناوی و بە چاوی گرگرتوو بە ئاگری بەفرین دینەوە سەریَ. تەنیا خۆیان دەبینن، کەسیکی تر نایانبینی. . منیش دەبی لەدووررا بروانم چونکە هەر نزیك ببمەوە نەوەرەسەکانی تەیرەنئەبابیل بەردی تیژتیژن بە قەلەماسنگ لە ئاسۆی گۆلەکەوە بۆ سەروملی من دەهاویژرین، منیش بە دەست خۆیان لی دەپاریزم.

پاییزی ١٩٩٧

مالمو\ سویدیَ